# سێبەری دەستەکانی

لازۆ

گوڵەکان خەوتوون،
پەردەی ژوورەکەم باوێشک دەدا و
هەست دەکەم ئاوێنەکانم لە عەشقدا پیر بوون،

باران نەرم دەبارێ
شەونم لە ژێر لێوەوە پێدەکەنێ
ئەوە عەشقە فێری ناسینەوەمان دەکات،
ئەوە یاری منە بۆنی قەزوانی تەڕی لێ دێ.

دەست دەخەمە سەر دڵم و
بەخەمساردی ڕۆژەکاندا تێدەپەڕم،
من پێویستە بڵێم: هەبوونی ئەو،
هەبوونی گەردوونە،

## سێبەری یادەکانی

من چاوم دادەخەم و لە هەوادا خۆم دەجوڵێنم
عەبا ڕەشەکەی نەنکم لەبادا
ڕادەکات،
لە خۆی دەئاڵێ،
لول دەخوات و
دەکەوێت.
بۆنی نەنکم بە کۆڵاندا،
بە ماڵاندا،
بە مزگەوت و
نانەواخانەکاندا دەگەڕێ..
منداڵیم ڕادەچڵەکێت،
وای من چەند بیری چایەک دەکەم
کە دەستێکی پیر و لەرزۆک بمداتێ،
بیری لەتێ نانی تیری،
ساوەری سورو
گەنمەکوتاو،
بیری پاککردنەوەی بلوری ئەو چرایانەی
کە هەمیشە لە دەستم دەخزان،
دەکەوتن،
ئازاریان پێدەگەیشت و دەشکان،
من بیری شکانیان دەکەم،
بیری
درزتێبوون و هاڕەکردنیان.

من بیری چاوداخستن دەکەم
لەبەردەمی تۆدا،
تۆ کە هەمیشە لای منی و
کەچی هێشتا بیرت ئەکەم،

سێپتێمبەری 07
بەریتانیا